# دكتۆر بورهان یاسین بۆ گۆڤاری سڤیل، ژماره 40 له 2010/6/26:

## ئەنجامدانی: رزگار رەزا چوچانی / سوید

**گۆڤاری سیڤیل:** وەك باسدەكرێت ئێستا بزوتنەوەی گۆڕان سەرقاڵی بەحزب بونە ئایا بە حزب بون تاچەند لە خزمەتی ئەو بزوتنەوەدایە؟ لەكاتێكدا خەڵكێك پێیان وایە بەهۆی ئەوەی بزوتنەوەی گۆڕان خەڵكێكی زۆر بەجیاوازی فكرییەوە لێی كۆبونەتەوە ئەگەر بكرێتە حزبێك رەنگە نەتوانێت ببێتە جێی كۆبونەوەی ئەو فكرە جیاوازانە؟ تۆ پێت وایە بزوتنەوەی گۆڕان توانای دروستكردنی حزبێكی هەبێت لەئاستی ئەو جیاوازییە فكریانەدا بێت كە لەناو لایەنگرو شوێنكەوتوانیدا هەیە؟

**بورهان یاسین:** من كاتی خۆشی ئەوەم وتووە كە گۆڕان دەبێت بۆ ماوەیەك چاوەڕوان بێت بەر لەوەی بڕیار بدات ببێتە حزبێكی سیاسی، دوو هۆكار هەبوو كە یەكیان ئەوەیە گۆڕان لە دوو توخمی خەڵك پێكهاتووە یەكیان ئەوەیە كە لەحزبەوە سەریهەڵداوە ئەوەی تریشیان جەماوەرەو **لە دەرەوەی پێگە حزبیەكەیە.** بۆ ئەوەی ئەو دوو توخمە بەیەكەوە رابگیرێت و سود لەو پشتگیرییە جەماوەرییەش وەربگیرێت، دەبێت گۆڕان خۆی لەوە لا بدات **كە** بە زوویی ببێت بە حزب، دووەم هۆكاریان كەوای دەكرد من پێم باش نەبێت گۆڕان ببێت بەحزب ئەوەبوو كەمن پێم وابوو ئەگەر گۆڕان ببێتە حزب ئیحتیماڵە لە نەفەسی كاردانەوەو تۆڵە سەندنەوەبێت لەیەكێتی نیشتیمانی و لەو چوارچێوەیەدا ببێت بە حزب و بواری ئەوە نەبێت بیر لەپرۆگرامێكی بەرفراوان بكرێتەوە كە رەنگدانەوەی ئەو هەموو خەڵكەبێت كە پشتگیری لەگۆڕان دەكات.

رەنگە ئەم بۆچونانەی من بۆماوەیەك بۆچونێكی باش بێت بەڵام بۆ ماوەیەكی دوورودرێژ گۆڕان ناتوانێت هەروا بەحەرەكەیەكی جەماوەری بمێنێتەوە، چونكە چووەتە ناو پەرلەمانەوە و دەبێت ئەوجەماوەرەی كەهەیەتی رێكبخرێت، ئەوە پرسیارێكی جوانە كە چۆن دەكرێت ئەو جیاوازییە فكریەی لەناو لایەنگرانیدا هەیە لە چوارچێوەیەكدا كۆبێتەوە، بەڵام گۆڕان نابێت خۆی لەو ئیحتیماڵە لابدات و دەبێت بزانێت هەموو ئەو خەڵكەی هەر بۆ كۆنابێتەوە لەناو یەك حزبدا، ئیحتیماڵی هەیە بەشێك لەو خەڵكە نەیەتە ناو حزبەكەیەوە، ئەوە شتێكی سروشتیشە. لە دیموكراسیەتی جیهانی رۆژ ئاواشدا حزبەكان ئەوەندە گەورە نین بەقەدەر ئەو جەماوەرەی دەنگیان پێ ئەدا. بەردەوام حزبەكان زۆر بچوكترن لەو ژمارە دەنگانەی كە دەیهێنن **لە** هەڵبژاردندا، ئەگەر گۆڕانیش بۆچونی وابێت هەموو ئەو خەڵكەی كە دەنگی پێداوە دەتوانێ كۆی بكاتەوە لەچوارچێوەی حزبێكدا و چالاك بن لەناو ئەو حزبەدا بەبڕوای من ئەوە بۆچونێكی ناواقیعیانەیە. لەلایەكی **ترەوە** ئەوانەی چاویان لەوەیە گۆڕان بكەنە حزب دەبێت بیرلەوە بكەنەوە كە بەرنامەی گۆڕان بەرنامەیەكی هەرە فرەوان بێت چونكە لەناو گۆڕان خەڵكی نەتەوەیی و

کوردستانی و خەڵکی چەپ و **بۆچوونی سیاسی و ئایدیۆلۆژی هەمە** رەنگی تیا کۆبووەتەوە بەڵام بەڕای من کارێکی ئاسان نابێت هەموو ئەو خەڵکانە ڕازی بکرێت لە پرۆگرامێکی سیاسیدا.

**جگە لەمە،** کارکردن بۆ بەحزبکردنی گۆڕان کارێکی ئاسان نییە چونکە بۆ جاری یەکەمە لەمێژوی سیاسی کوردستاندا هەر لەزەمانی سەرهەڵدانی کۆمەڵە کوردییە سیاسیەکان لە ئەستەنبول لەساڵانی 1909–1913 کاتێك کۆمەڵە سیاسیەکان سەر هەڵدەدەن تائێستا هیچ هێزێکی سیاسی ئاوها دروست نەبووە کە بەسەدان هەزار کەس کۆببنەوە و بەرەو ئەوە بڕوا خۆی بکات بەحزب. بەردەوام 4-5 کەس کۆبونەتەوە لەجێگایەك لە قوژبنێکی ئەو دنیایەدا بڕیاریانداوە حزبێك دروست بکەن پرۆگرامێکیان داناوە دواتر داوەتی خەڵکیان کردووە بێن بۆناو ئەو حزبە. دەبینی ئێستا ئەوە پێچەوانەوە بووەتەوە. بەبڕوای من ئەوە تاقیکردنەوەی یەکەم دەبێت لەمێژوی کوردستاندا کە بزووتنەوەیەکی ئاوا بەرفراوان بەرەو حزب بوون بچێت ئەم کارەش یەکێکە لەتەحەدا هەرە گەورەکان **لە بەردەم** بزاڤی گۆڕان.

ئەوە حەتمییە کە دواجار گۆڕان هەر دەبێت ببێت بە حزب، چونکە بەو شێوەی کە هەیە ناتوانێ پشتگیرییەکی سیاسی راستەوخۆو بەردەوام بۆ ئەو کەسانە زامن بکا کەچونەتە ناو پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی عێراقەوە، بوون بە حزب دەبێت ببێت بەڵام چۆن دەبێت و بە چ میکانزمێك دەبێت بکرێت ئەوە پرسیارە گرنگەکەیە، چونکە وەك وتم ئەوە یەکەم جارە لەمێژوی کورددا بەپێچەوانەوە حزبێك دروست دەبێت لەپان و بەرینییەوە بەرەو دروستبونی حزب دەڕوا نەك لەژمارەیەکی کەمەوە بەرەو بەحزب بوون.

**گۆڤاری سیڤیل:** باست لەوەکرد کە بۆیەکەم جارە لە مێژووی کورد لە ئاستی فراوانبوونەوە هەوڵی دروستکردنی حزب بدرێت، تۆ لە نزیکەوە سەرکردەکانی گۆڕان دەناسیت و لەگەڵیان گفتوگۆت هەبووە پێت وایە توانای هەزموبەڕێکردنی ئەو واقیعەیان هەبێت؟

**بورهان یاسین:** پرسیارێکی گرنگە پێشتر وتم گەورەترین تەحەدا لەپێش گۆڕان ئەوەیە بتوانێت ئەو دوو پێگەیە پێکەوە رابگرێت، پێگەی جەماوەر کە پێگەیەکی فرە رەنگە و ئەنواعی خەڵك و بۆچوونی سیاسی و ئایدۆلۆژی تێدایە هەروەها ئەو پێگەیەی کە لەناو حزبەوە **(مەبەست یەکێتی نیشتمانیە)** هەڵدەقوڵێ، **ئاوێتەکردنی** دوو جۆری کەلتوری سیاسی و دوو بۆچوونی جیاواز رەنگە ئاسان نەبێت و ئەبێتە تەحەدایەکی گەورە بۆ گۆڕان، مەترسیش هەیە لەوەی کە **بەشێك لە** حزبیەکان بزوتنەوەی گۆڕان بەرەو تۆڵەکردنەوە لە یەکێتی و شەڕ لەسەر دڵی یەکێتی کە شاری سلێمانی و ناوچەکانی دەورو پشتیەتی ببەن.

ئەو مەترسیە بونی هەیە و لەبەر دەرگایە بۆیە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو دۆخە و ئامادەکاریەکان بۆ بوون **بە** حزب بەو ئاسانییە نییە، سیاسەت **تەنیا** بە نیەتی باش

ناکرێت، سیاسەت کۆمەڵێك **ژمارە و رواگەیە** و ئەو **ژمارە** و وەقائیعانەش دەبێت بەردەوام حسابیان بۆ بکرێت بۆئەوەی بتوانیت لە ئەنجامدا هاوکێشەیەك بخەملێنیت خزمەتی ئەو ئامانجە بکات کە تۆ **خەباتی بۆ دەکەیت. گرنگە** سەرکردەکانی گۆران ئەوە بزانن کە ئەو پێگەیەی لە دەرەوەی پێگە حزبیەکەیە، کە پێگەی جەماوەرییە، پێگەیەکی زۆر فراوان و هەمەرەنگ و بەهێزە و **بە**کەمدیتنی ئەو پێگەیە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە، بەپێچەوانەشەوە حسابکردن و **لە**بەرچاوگرتنی ئەو پێگەی جەماوەرە دەبێتە زامنی هەرەگەورە بۆ بەتەندروستبوونی گۆڕان و سەرکەوتنی گۆران لەپرۆسەی بەرێکخراوبوون و بەحزب بوندا.

**گۆڤاری سیڤیل:** لە هەڵبژاردنەکان ئێوە کاندیدی بزوتنەوەی گۆڕان بوون ئاگات لە ئاراستەکان هەیە بەبڕوای تۆ کام لایان دەتوانن کاریگەریان بەسەر ئایندەی بزوتنەوەکەو ئاراستەکانی هەبێت جەماوەر یان حزبیەکان؟

**بورهان یاسین:** من نایشارمەوە ترسێك هەیە لەلام کە گۆڕان بە ئاراستەی حزبیەکاندا بشکێتەوە؛ مەترسیم هەیە **کە** لایەنە نیگەتیڤەکانی سیاسەت ببێتە بارگرانی بەسەر گۆڕانەوە و ببێتە سەرچاوەی **باڵادەستی** گۆڕان. مەترسیەکەم **ئەوەیە** کە گۆڕان بەپێی بەرنامەی حزبیەکان بەڕێوە بچێت لەجێی ئەوەی بەپێی ئەو هەمەرەنگییەی کە لەناو پێگەی جەماوەریدا هەیە بەڕێوەبچێت. ئەوە تەنها بۆچونێکە **یا راستتر بڵێین ترسێکە** و دەکرێت سبەینێ گۆڕان پێچەوانەکەی پیشان بدات و ئەوە بخاتە روو کە فیعلەن گرنگی زۆریداوە بەلایەنە جەماوەرییەکە.

**گۆڤاری سیڤیل:** تۆ وتت حەتمیە گۆڕان دەبێت ببێتە حزب بەڵام وتیشت ناکرێ پەلەبکات لە بەحزبی بون بەڵام ئەوە ئامادەیی دەکرێت بەهۆی ئەو ئامادەکاریانەوە بۆ حزبی کردنی گۆڕان هەندێ بیرورا هەن رایەك هەیە پێی وایە گۆڕان لەپەلەی وەرگرتنی میزانیەدایە و رایەکیش هەیە دەڵێت گۆڕان لە بەحزبی بون پەلەی خۆ رێکخستنیەتی تۆ رات چییە؟

**بورهان یاسین:** من لەناوەندی **بریار و** قسەو باسەکاندا نیم بەڵام بەپشت راستیەوە دەڵێم ئەو دوو لایەن و هۆکارەی کە باسکرا هەردوکی بۆ گۆڕان گرنگە و عامیلی سێیەمیش هەیە ئەوەیە کە مەترسی ئەوە هەیە ئەو پشتگیرییە گەورەی لە هەڵبژاردنەکان بۆ گۆڕان لەناو جەماوەرەوە **بەدەست هات** هێدی هێدی بەرەو پەرتەوازە بوون و پرش و بڵاوی بڕوات یەکێتی و پارتی و هێزەکانی تر باشتر بتوانن تواناکانیان مۆبیلیزەبکەن و بتوانن ئیستیعابی ئەو سەرکەوتنەی گۆڕان بەدەستی هێنا **بکەن** بەکۆمەڵێك وەسائیل و رێگا. ناتوانین بڵێین ئەو مەترسیە بۆ گۆڕان مەشروع نییە؛ **کەواتە** خۆرێکخستن زوو یان درەنگ دەبێت بکرێت، بۆ ئەو

مەبەستەش دوو بۆچوون لەناو گۆڕاندا هەبوو ئەوەندەی من ئاگادار بم: **یەکێکیان** پێی وابوو بەر لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەبێت گۆڕان بکرێتە حزب کە بڕیاربوو ئەو هەڵبژاردنە لەمانگی 10 بکرێت و من گومانم هەیە لەمانگی 10 ئەو **هەڵبژاردنە لە پارێزگاکانی هەرێم** بکرێت، بۆچونێکی تر هەبوو کە نەخێر با لێگەڕێین دوای مانگی 10 و هەڵبژاردنەکان گۆڕان خۆی بکات بەحزب، بەگشتیەکەی ئێستا پێم وایە ئەو ئیتیجاهە سەرکەوتووە کە گۆران لەکاردانەوەیەکی بەپەلە دەربچێت و کات بدات بەخۆی تا لەو کاتەدا خۆی رێکبخات، جا زووە یان درەنگ بۆ بەحزب بوونی گۆڕان بەبڕوای من وەڵامەکەی زۆر نسبیە. وەڵامەکە ئەوەنیە تۆ ئەوەندە مانگت پێ دەچێت تا ئەبیت بەحزب، پرسیار ئەوەیە لەو چەند مانگەدا چی ئەکەیت ئەو کاتە چۆن بەکار دەهێنێت و لەوێوە نسبیەتی زووکەوتن و درەنگ کەوتن تەواو ئەگۆرێت. ئەگەر تۆ چالاکانە و ئاگادارانە لەهەموو رەهەندێکەوە ئەو هەموو مانگ و هەفتەو رۆژە بەکار بهێنیت بەشێوەیەکی جدی و هێزێکی **داهێنەرت** لەگەڵدا بێت فەرق دەکات لەوەی کە تۆ کات بکوژیت بۆیە زوو کەوتن و درەنگ کەوتن نسبیەو ئەکەوێتە سەر شێوەی کارکردنەکە بۆ ئەو مەبەستە.

**گۆڤاری سیڤیل:** هۆکارێك هەیە بە بڕوای تۆ گۆڕانی ناچارکردبێت کۆنفرانسی حزبی بونی خۆی بخاتە دوای کۆنگرەی یەکێتی؟

**بورهان یاسین:** بە بڕوای شەخسی خۆم گۆڕان شتێکی زۆر چاکی کرد **کە** کۆنگرەی خۆی پێش کۆنگرەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان نەخست چاوەڕێی کرد کۆنگرەی یەکێتی بکرێت و کۆتایی پێبێت هەموو نەتیجەکانی دەرکەون ئەوجا کۆنگرەی خۆی بکات چونکە هەندێك شت چاوەڕوان دەکرا لەکۆنگرەی یەکێتی، کە ئایا ئەو شتانە ئەکا یان نایکا، بۆیە جێهێشتنی ئەو شتانە بۆ خودی یەکێتی لەلایەن گۆڕانەوە باشتر بوو و ئەوە ئیختیارێکی هەرە باش بوو جا ئەگەر سەرکردایەتی گۆڕان خۆی حسابی بۆ ئەو شتانە کردبێت بۆیە کۆنگرەی دوا خست یان هەر لەخۆڕا بووبێت ئەوە شتێکی ترە و من ئاگاداری نیم، بەڵام بەڕای من حەتمەن باشتربوو کە گۆڕان کۆنگرەی خۆی پێش کۆنگرەی سێیەمی یەکیتی نیشتیمانی نەخات.

**گۆڤاری سیڤیل:** ئەو شتانە چی بوون کە دەبوو گۆڕان چاوەڕوان بێت خودی یەکێتی خۆی یەکلاییان بکاتەوە؟

**بورهان یاسین:** پرسیارێکی گەورە هەبوو کە ئایا کۆنگرەی یەکێتی چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسانە دەکات کە یەکێتییان بەجێهێشتوە و ئێستا لەناو گۆڕاندا چالاکن. بەبڕوای من یەکێتی لە پلنیۆمدا زۆر ناسیاسیانە لەگەڵ ئەو بابەتە جوڵایەوە زۆر دەرگای داخست تا دەرگا بکاتەوە. یەکێتی لەوەدا قازانجی دەکرد لە پلنیۆمدا تا بکرێت دەرگا بکاتەوە و مرونەت بنوێنێت تابکرێت دەروازەی زیاتر بکاتەوە بۆ پێدانی دەرفەت بە بەرانبەر تابتوانێت جارێکی تر لەیەکێتی نزیك بێتەوە. لە پلنیۆمدا

ئەوە نەکراو پێچەوانەکەی کرا و پلنیۆمی یەکێتی زۆر بە نەفەسێکی ئینتیقامی کرا. من تەسەورم وابوو یەکێتی لەکۆنگرەدا هەندێك ئیشاراتی جدی بنوێنێ بۆ ئەو کەسانەی کە یەکێتیان بەجێهێشتووە و هێزێکی تازەیان دروستکردووە، بەڵام دیارە ئەوە لەناو کۆنگرەشدا نەکرا. نەناردنی ئیشارەتی **لەو جۆرە** لە ناو کۆنگرەی **یەکێتیدا** بۆ ئەوانەی یەکێتیان بەجێهێشتووە هۆکارێکی گرنگ دەبێت بۆ **خۆساغکردنەوە** و سەرکەوتنی گۆڕان. **بە مانایەکی تر،** گۆنگرەی **یەکێتی** بەهەمان شێوەی پلنیۆمەکەی یارمەتیدەربوو بۆ ئەوەی یەکێتیەکانی ناو گۆڕان هەم بێ هیوا ببن و هەمیش خۆیان یەکلا بکەنەوە هەمیش بڵێن دەستمان خۆش بێت کارێکی ئاوامان کرد کە لە یەکێتی جیابوینەوە چونکە ئەو سەرکردایەتیەی کە لەناو یەکێتیدا ماوە جێگەی هیوایەك نییە کە جارێکی تر سیاسەتی لەگەڵ بکەینەوە، **بە مانایەکی تر ئەو سەرکردایەتیە نە خۆی دەگۆڕێ و نەش ڕێفۆرمی پێدەکرێ.**

**گۆڤاری سیڤیل:** لەم ماوەی رابردوو رایەك لای هەندێك لە هەلسوڕاوانی گۆڕان دروست بوو گوایە دەبێت بەناچاری پەنا بۆ ڕێکخستنی نهێنی ببەن، هەندێکیشیان پێیان وابوو ڕێکخستنی نهێنی لەگەڵ ئامانجەکانی گۆڕان نایەتەوە کەباسی بوێری و شەفافیەت دەکات تۆ رات چییە؟

**بورهان یاسین:** بەپێی ئەو ئەزمونەی کە لە بادینان هەمە گۆڕان دەبێت لەناوچەی بادینان پەنا بۆ ڕێکخستنی نهێنی ببات، تاحەدێك لەکوردستان بەگشتیش دەبێت ئەوە بکات ئەوەش باشی و خراپی هەیە. کاتێك **مرۆڤ** ئەو ئیختیارە سیاسیانە دەکات دەبێت هەڵسەنگاندن بکات: خراپی ئەو شێوە کاری **نهێنیە** لەوەدایە کە تۆ لە کەشو هەوایەکی **ئەوها**دا ئەو کارە دەکەی ئەو حزبانەی کە دەسەڵاتیان بەدەستەو لە حکومەت و پەرلەماندان وایان پیشانداوە کە لە کوردستان بواری کاری بە ئاشکرا هەیە هەموو کەس دەتوانێت خۆی ڕێکبخات هەموو کەس دەتوانێت حزبی هەبێت. ئەوەش **لە واقیعدا** چەندی راستە و چەندی نا شتێکی ترە، بەڵام ئەو شێوەیەی کە ئەوان بەنسبەت کارکردن لە کوردستان پیشانیانداوە وادەکات کە لە بەنهێنی کردنی گۆڕان یان بەشێك لەگۆڕان مۆرێك بخاتە سەر گۆڕان و پرسیارێك دروست بکات وەك ئەوەی کە گۆڕان لەجیاتی ئەوەی خەریکی سیاسەتێکی کراوەو شەفاف و پێش چاو بێت خۆی خەریکی خەباتی ژێر زەمینی کردووە بۆچی و لەبەرچی؟ ئیحتیمالە ئەوەش ببێتە **جۆرێك** لە بارگرانی لەسەر گۆڕان؛ بەڵام من جارێکی تریش دەڵێم بەبڕوای من ناکرێت مامەڵەی سیاسی لەسەر نیەت پاکی بکەی واقیعی سیاسی ئێمە ئەوە دەخوازێت **کە بەشێك لە ڕێکخستنەکانت نهێنی بن.** لەناوچەی بادینان ئەو ماوەی کە من لەوێ بووم لەنزیکەوە بینیم کە تۆقاندنێکی زۆر هەیە لەبەرانبەر گۆڕان **وە لەبەر ئەوە** هیچ چارەیەکی نییە تەنها ئەوە نەبێت پەنا بۆ ڕێکخستنی نهێنی ببات وەك

ئەوەی من پێم وایە گۆڕان دەبێت 40 % ی ڕێکخستنەکانی **لە بادینان** بەئاشکرا بێت و ئەوی تریان بەنهێنی بێت. من نازانم گۆڕان چەند لە سەدی ئیختیار دەکات **بۆ کاری نهێنی** بەڵام بەتەسەوری خۆم ئەگەر من تەنزیمی گۆڕانم بکردایە لە بادینان هەرگیز هەموو عونسرەکانی خۆمم ئاشکرا نەئەکرد، لەو ئاشکرا نەکردنەش دیسان ئەیڵێمەوە لایەنێکی سلبی و لایەنێکی ئیجابی هەیە لایەنە ئیجابیەکەی ئەوەیە کەتۆ بە ڕاستی هەموو هێزێکی خۆت ئاشکرا ناکەیت ئەگەر ڕوو بەڕوو بونەوەشت لەگەڵ پارتی یان هەرلایەنێك بۆ دروست بوو و کەوتیتە تەنگەژەوە ئەوکات گۆڕان لەڕێی ئەوەی کە بەشێکی لە ڕێکخستنەکانی نهێنییە و ئاشکرانین خۆی پاراستووە و ماوەتەوە و لەناو نەچووە نەبووەتە ئامانجێکی ئاسانی حزبی دەسەڵاتدار چونکە بەڕاستی هەموو ئەگەرەکان چاوەڕوانکراوون، سلبیەکەشی ئەوەیە پرسیارت لەسەر دروست دەبێت **وەك** ئاماژەم پێکردووە. **بەهەر حاڵ** واقیع ئەوە دەخوازێت.

**گۆڤاری سیڤیل:** خوێندنەوەت بۆ ئەو کێشەیە چی بوو کە لەناو بزوتنەوەی گۆڕان لە ڕاگەیاندنەکان باسدەکرا بەناوی کێشەی گەنجان و کادرە دێرینەکان کە ڕەنگە ڕەبتی بەو کێشەیەوە هەبێت پێشتر تۆ بەناوی پێگەی جەماوەر و حزبیەکانەوە باستکرد؟

**بورهان یاسین:** ئەو کێشەیە کێشەیەك نیە تەنها بۆ گۆڕان ئەوە دیاردەیەکی کۆمەڵگەی ئینسانیە. زۆربەی ئەو حەرەکە سیاسیانەی کە لەدنیا سەری هەڵداوە زۆرجار مۆری کێشەی نەوەکانی پێوە بووە؛ لە واقیعی گۆڕانیشدا ئەوە پرسێکی گرنگە. ئەوەی من **لە نزیکەوە** ئاگاداربم، شەخسی یەکەم لە بزوتنەوەی گۆڕان نەوشیروان مستەفا ئەوەی نەشاردۆتەوە کە وەختێك دێت ئەوان بەرپرسیارەتیەکە **جێدەهێڵن** بۆ نەوەی گەنج **ئەو ڕۆڵە ببێنن** و ئەوانیش **خۆیان** وەکو یاریدەدەر هاوکاری ئەو نەوە گەنجەبن بۆ ئەوەی ئیدارەی سیاسەتی گۆڕان بکەن، **بەڵام** ئەوە بە عەمەلی تا چەند ئەبێت من نازانم بەڕاستی. **لە لایەکی ترەوە جێی خۆیەتی کە** ئەو مەسەلەیە زۆر بەهەند وەربگیرێت و ڕێ بەنەوەی نوێ بدرێت. نەوەی نوێ لەباشوری کوردستان **(مەبەست ئەو نەوەیەیە کە لە ساڵی ڕاپەرین 1991 یا لە ساڵانی دەوروبەری ئەو ساڵە لە دایکبوون)** تایبەتمەندییەکی هەیە کە لەهەموو کوردستانی گەورە ئەو تایبەتمەندییە نییە؛ نەوەی گەنج لەباشوری کوردستان دوور لە سەیتەرەی نەتەوەی سەردەست دور لەسەیتەرەی حزبی بەعس و ناوەندەوە گەشەی کردووە ئاشنا نیە بە کەلتوری نەتەوەی سەر دەست ئەو نەوەیە بەڕاستی نەوەیەکی کوردییە. ڕەنگە ئێستا تۆ بڵێی ئاخر ئەوان ئاشنا بەکەلتورو مێژوی خۆشیان نین و عاشقی نین لەم بارەیەوە لەگەڵتام بەڵام هێشتا ئێمە **دەستکەوتێکمان** بەدەستەوەیە **ئەویش** ئەوەیە کە بۆیەکەم جار لەهەموو کوردستانی گەورە نەوەیەك لە فەزایەکدا **گەشە دەکات** نە لەژێر **کاریگەری** نەتەوەی فارسە نە لەژێر **کاریگەری** مەشروعی تورکە و نە لەژێر **تەئسیری**

نەتەوەی سەردەستی عەرەبیدایە. **ئەم نەوەیە کەرەستەیەکی کۆمەڵایەتی** زۆر گرنگەو تاقیکردنەوەیەکی یەکەم جارە لەمێژوی کورددا کە ئەو نەوەیە دەرفەتی بدرێتی **بزاڤی** نوێبونەوەی کوردایەتی بەرپا بکات. **ئەوەش** گرنگە **کە** لەناو گۆڕاندا ئەو دەرفەتە **فەراهەمبکرێت،** بەڵام ئایا گۆڕان بواری ئەوەی هەیە ببێت بەحەرەکەی نوێبونەوەی کوردایەتی؟ یان گۆڕانیش ئەو حەرەکەیەیە کە دەبێتە ژمارەیەك لەسەر ژمارەی ئەو حەرەکانەی کە هەڵگری کوردایەتییە کۆنەکەن کە ساڵانی سیەکان و **چل و** پەنجاو شەستەکانی سەدەی رابردوو بەرهەم هاتووە؟ ئەم ململانێیە کە هەیە لەنێوان ئەو دوو نەوە لەوە گەورەترە بەتەنها ململانێیەکی کۆمەڵایەتی بێت بەڵکو مانایەکی سیاسی و ئایدۆلۆژی زۆر گەورەی هەیە، نەوەی نوێش لەکوردستان دەرفەتی لەبەخۆبوونی نەتەوەیی زیاتر هەیە چونکە نەکەوتۆتە ژێر **تەئسیراتی** نەتەوەی سەردەست.

**گۆڤاری سیڤیل:** لەناو بوتنەوەی گۆڕاندا پێت وایە ئەو نەوەیە بتوانن ئەدائی کاری خۆیان بکەن و پێگەی بەهێزی خۆیان هەبێت؟

**بورهان یاسین:** من ناتوانم وەڵامێکی دروست بدەمەوە بەڕاستی لەباری ئایندەی ئەو نەوەیە لەناو بزوتنەوەی گۆڕان دا، بەڵام هیوام وایە دەرفەت بەو نەوە نوێیە بدرێت کە لەژێر هیچ تەئسیراتێکدا گەشەی نەکردووە رەنگە لە رێگەیەوە گۆڕانکارییەکی نەوعی لە ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیزمی کوردی بەرهەم بێت چونکە ئەو نەوەیە پێکهاتەیەکی نەوعی زۆر جیاوازە لەوانەی **هاوتەمەنی** خۆیین لەبەشەکانی تری کوردستان، بۆیە ئیمکانی هەیە پیاو **بتوانێت** بڵێت **کە لەوانەیە** ئەو نەوەیە هۆکار و ئامرازی نوێبونەوەی کوردایەتی بەدەستەوە بێت لە چەرخی گلۆبالیزم و گۆڕانکاریە گەورەکاندا، ئەمە **باسێکە کە** کەمتر قسەی لەسەر کراوە. من بابەتێکم لەم **بارەیەوە** بەدەستەوەیە و هەوڵ ئەدەم بەووردی لەم **پرسە** بدوێم.